نێچیرڤان بارزانی و جۆشوا هاریس: بەرژەوەندی هاوبەش، ئەمەریکا بە عێراق و هەرێم دەبەستێتەوە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم و جۆشوا هاریس، هەڵسوڕێنەری باڵیۆزخانەی ئەمریکا رایدەگەیەنن کە بەرژەوەندی و بەهای هاوبەش، ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە.

سەرکایەتی هەرێم لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە، نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە 2026/2/18، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە جۆشوا هاریس، هەڵسوڕێنەری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

ئەوەش خراوەتەڕو، لە کۆبوونەوەیەکدا پێیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دوا پێشهاتەکانی پرسەی سیاسی لە وڵات و دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، تاوتوێ کران.

بەپێی راگەیەندراوەکە، هەردولا جۆختیان لە بڕوودان بە پێیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە، هەروەها هاوڵا بون کە بەرژەوەندی و بەهای هاوبەش ئەمەریکا لەگەڵ

عێراق و هێرەمی کوردستان دەبەستێتەوە. هەر لەمبارەیەوە باسیان لە بوارەکانی هاریکاریی نێوان هێردولا کرد.

هەمای بە ئەوەش کراوە، پێیوەندییەکانی هەولێرو بەغدا، گرنگیی یەکدەنگیی لایەنە کوردستانییەکان لە هێرەمی کوردستان و عێراق و دەخی ناوچەکە بەگشتی، تەوەری دیکەی کۆبونەوەکە بون.